

# مەستوورەی کوردستانی
# یەکەمین ئافرەتی مێژوونووسی کورد

هوشیار عەبدولکەریم

**بنەماڵەی مەستوورە:**

پێش ئەوەی باسی کەسایەتی خودی مەستوورە بکەین، پێویستە چەند زانیاریەك لەسەر بنەماڵەو کەس‌وکاری مەستوورە باس بکەین، هەروەها ئەو هۆکارانەش بزانین کە بوونەتە هۆی ئەوەی مەستوورە ئەو هەلومەرجەی بۆ بڕەخسێت‌و بکەوێتە ناو بارودۆخێکی وەهاوە کە سەری لەمێژوونووسینەوە دەربچێت، چونکە بێگومان بارودۆخ کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دروستبوونی هەموو کەسایەتیەك.

باپیری مەستوورە ناوی "موحەمەد ئاغا"یە کە لەزۆر فتوحاتی خەسرەو خانی گەورەدا بەشداریکردووەو خەزوری ئەمانوڵڵا خانی گەورەو یەکێك لەباوەڕپێکراوە نزیکەکانی بووە، کە بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانەو بۆ بەشداری لەشەڕو لەشکرکێشییەکانی و بەنوێنەرایەتی خۆیشی بۆ دەرباری قاجارو رایسپاردووە، ئەم موحەمەد ئاغایە بە(حەمە ئاغای نازری سنەیش) بەناوبانگە، باوکی مەستوورە ناوی " ئەبولحەسەن بەگی کوڕی موحەمەد ئاغایە"، ژن برای ئەمانوڵڵا خانی گەورەو بریکاری حوسەین قولی خانی خوشکەزای بووە، باوکی مەستوورە باوەڕپێکراوێکی نزیکی ئەمانوڵڵا خانی گەورە بووە، سەرپەرشتی زەماوەندی کیژی "فەتح عەلی شای قاجار"بۆ خوسرەو خانی ناکام ئەم کردویەتی، مامەکانی مەستوورە "ئیبراهیم ئاغا و ئیسماعیل ئاغا هەریەکە پلەیەکی بەرزیان هەبوو، عەلی ئەکبەریش کە ئامۆزای مەستوورە بووە، مێژوونووسێکی خامە رەنگین بووەو چەندین بەرهەمی مێژوویی هەیە، سەبارەت بەدایکی مەستوورە، هەرچەندە تا ئێستا لەهیچ یەکێك لەو سەرچاوانەی کە بەردەست کەوتوون ئاماژەیان بەناوی دایکی مەستوورە نەکردووە، بەڵام تەنها ئەوەندە زانیاریان بەدەستەوە داوە کە لەبنەماڵەی "میرزا عەبدوڵڵای وەزیر" بووە، بنەماڵەی باوکی مەستوورە کە (قادری)یەو، بنەماڵەی دایکی بە(وەزیر) بەناوبانگ بوون، هەمیشە رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەژیانی سیاسی و دارایی و جەنگی و دامودەزگاکانی حوکمڕانی ئەردەڵاندا.

لەئەنجامی ئەو زانیاریانەی کە خستمانەڕوو بۆمان روون دەبێتەوە بنەماڵەی مەستوورە هەمیشە خاوەن پلەو پایەی گرنگ بوون لەبەڕێوەبردنی میرنشینی ئەردەڵانداو تاڕادەیەکیش پشکی شێریان هەبووە، چونکە زۆر نزیك و تێکەڵبوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی میرنشینەکەدا کە هەموو ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر دەرکەوتن و پێگەیشتنی مەستوورە بەجیا لەکەسانی ئاسایی دیکە.

**هاتنە دنیای مەستوورە:**

مەستوورە ناوی تەواوی "ماهشەرەف" کچی ئەبولحەسەن بەگی کوڕی موحەمەد ئاغایە، لەشاری (سنە) لەدایك بووە، سەبارەت بەساڵی لەدایکبوونی ئەوا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان رووناکبیراندا، چونکە مەستوورەی کوردستانی لەدایکبوونی خۆی لەپەڕتووکە مێژووییەکەیدا (مێژووی ئەردەڵان) بۆ تۆمار نەکردووین، لەبەرئەوە ناچاردەبین پەنا بۆ رایەکەی "عەلی ئەکبەر"ی مێژنووس بەرین کە ساڵی مردنی مەستوورەی بەساڵی (1364)ك تۆمارکردووە لەتەمەنی (44)ساڵیدا، ئەگەر وابێت ئەوا لەساڵی (1320)ك بەرانبەر (1805)ز لەدایکبووە.

متمانەی ئێمەش بەبۆچوونەکەی عەلی ئەکبەر لەوەدایە کە ئامۆزای مەستوورەیەو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێیەوە نزیکە، هەروەها ماوەیەکی نزیکتر لەنووسەرەکانی تر لەپاش مەستوورە ژیاوە.

**پەروەردەو خوێندنی:**

مەستوورە نۆبەرەو یەکەم منداڵی دایك و باوکی بووە لەبەرئەوە باوکی بایەخی بەخوێندن و پەروەردەکردنی داوە، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و دەستی خامە دەگرێت و پاشان ئارەزووی خوێندنەوەو شیعر نووسین ناخی دەهەژێنێ، هەروەکو خۆیشی دەڵێت: (منی یەکەم گوڵی ئەو گوڵشەنەو نوخشە نەمامی ئەو چەمەنە

کە دەستم خامەی ئاشنایی گرت و چاوم بەنامەی ڕۆشنایی هەڵێنا، ناو بەناو مەیلی سروشتیم و ئارەزووی زگماکم بەموتالای کتێبان دەبزوت..)، دیارە ئەم موتالاو خوێندنەوانە هەمیشە سەرگەرمی کردووەو هەر ئەم پەرتووکە بەنرخانەش بوون کە بوونەتە هاندان و ئیلهام بەخشی نووسینەکانی، سا ئیتر ئەو کتێبانە دیوانی شیعرو هۆنراوەکانی شاعیرانی ئەو سەردەمە بووبن، یان ئەو کتێبە مێژووییانە بووبن کە بەوردی دەستی داوەتە خوێندنەوەو لێوردبوونەوەیان، بەتایبەتی ئەو کتێبە مێژووییانەی کە لەسەر نەتەوەکەی نووسراون و هەواڵ و بەڵگەی باوەڕپێکراویان لەبارەی کوردستانەوە تێدا تۆمارکرابوو، مەستوورە لەگەڵ باوکیدا دەچوون بۆ سەیری ئەو قەڵا کۆنە کوردییانەی کە پاشماوەی هێزو شکۆی ڕابردووی میرانی ئەردەڵان بوون و بەدەستی دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانی ڕوخێندرابوون، هەروەها مەستوورە خوێندەوارو ڕۆشنبیرێکی چاك بووەو شارەزای زانستەکانی ئایینی بووە، لەناو خێزانی خۆیدا بەلای مامۆستاکانیەوە وێژەی فارسی و عەرەبی و فیقهی ئیسلامی خوێندووە، زۆری پێنەچووە مەستوورە بووەتە خامە ڕەنگینێکی کەم وێنەو دەستی داوەتە شیعر نووسین و نازناوی (مەستوورە)ی لەشیعردا بۆ خۆی دیاریکردووە، دەستی داوەتە کێبڕکێی شاعیرەکانی سەردەمی خۆی وەکو نالی، لێهاتوویی و شۆخ و شەنگی مەستوورە لەسۆنگەی پاك داوێنییەوە ئەوەندەی دیکە پلەو پایەی لەناو کوردەواریدا بەرزتر کردووە، هەروەها لەخەت خۆشی و دەستڕەنگینی و جوامێریدا بێوێنە بووە.

**ژیانی کۆمەڵایەتی:**

بەسەرهاتی شووکردنی مەستوورە ڕووداوێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو جۆرێك بووە لەسەودای سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوان والی زۆردار "خەسرەوخان" و بنەماڵەی (قادری) زۆرلێکراودا کە بنەماڵەی (قادری) کچەکەیان لەنرخیدا داوە، کاتێك والی کوردستان (سنە) دووجار گێچەڵ و بیانووی جۆراوجۆری پێ گرتوون کە مەستوورە خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

(.. بەڵام لەبەرایی فەرمانڕەواییدا "مەبەستی فەرمانڕەوایی خەسرەوخانی ناکامە" لەبەر کەم ئەزموونی تووشی چەند هەڵەیەك هات، باپیرو باوك و مامەکانی نووسیاری ئەم کتێبەی بەبێ تاوان کۆت و زنجیرکرد و زۆر بەبێ بەزەییانەو ڕەفتارێك درێوەوە سێ هەزار تمەنی بەناوی باجەوە لێ سەندن، سەرەنجام خوداکردی بەدنیهادی و دڵپیسی بەدکارانی بۆ ئاشکرا بوو لەدووی ناردن و بەخەڵاتی گرانبەهایی و شایان سەربەرزی کردن).

خەسرەوخان هەر بەوەندە وازی لێ نەهێناون، بەڵکو بەدەوڵەمەندی زانیون و لای وابووە جگە لەسامانەکەی خۆیان سامان و دارایی (حوسەین قولی خانی) باوك و برایشی لەلای ئەمان حەشارداوەو بۆ ئەوەی سامانەکەیان زەوت بکات، گێچەڵێکی تری پێگرتوون، ڕووداوەکەش ئەوە بوو کە بەپێی پلانێکی داڕێژراو هەندێك کەس کۆدەبنەوە لەماڵێکدا باس لەکوشتنی والی دەکەن و لەو کۆبوونەوەیەشدا باوك و مامەکانی مەستوورەش ئامادەدەبن بەڵام ئاگاداری پلانە دەستکردەکە نین، لەبەرئەوە لەپڕێکدا بەسەریاندا دەدەن و هەندێکیان دەکوژن و هەندێکی تریان ڕادەکەن، بەڵام باوك و مامەکانی مەستوورە ئازاد دەکرێن، پاش ئەم

رووداوە مەستوورە بەسەرهاتەکە وا دەگێڕێتەوە: (.. بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی نێوان تەبایی و نێوان کۆکی لەئەنجامدا بەندو بەندەواری هاوسەریم لەگەڵ خوسرەوخاندا سەروبەرنراو بەوپەڕی شان و شکۆوە پێم هاوێشتە حەرەمسەراوە)، بەم جۆرە دەبینین لەدوای دوو رووداوی بەزۆر داسەپاوی نەخوازراودا بەسەر بنەماڵەی قادری و پاشان رزگاربوونیان کەلێنێکی خستبووە پەیوەندی نێوان ئەوان و والی، بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییەو هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێ، باوکی مەستوورە مەستوورەی شۆخە کچ دەدات بە"خوسرەوخان"، لەتەمەنی (24) ساڵیدا، تۆ بڵێی خوسرەوخان ئەو گێچەڵ و پلانانەی بەمەبەستی خواستنی مەستوورە دانەڕشتبێ؟ یاخود چەند رووداوێکی کتوپڕ بوون و بنەماڵەی مەستوورەی تێوەگلاند؟ لەهەمان کاتیشدا رەنگە لەو سەردەمەدا زۆر کیژی سنەیی خەویان بەوەوە دیبێ هاوسەری گەورەترین دەسەڵاتداری ناوچەکە بن کە والی (کوردستان) بووەو هێشتا لەناوەڕاستی سییەکانی تەمەنیدا بوو.

مەستوورە لەبارەی خوسرەوخانەوە دەڵێت: (زۆری حەزی لەڕابواردن و خۆشگوزەرانی دەکرد)، ئارەزوویەکی بەدەری لەژیان و رابواردن هەبووە، هەموو شەوێ چل گۆرانیبێژو مۆسیقاژەنی ژن و پیاو لەمەجلیسەکەیدا ئامادە دەبوون، رۆژانی ژیانی بەخواردنەوەی مەی بەسەردەبرد، لەئەنجامی ئەم کارانەشیدا نەخۆش کەوتووەو بەهۆی زیادەڕۆیی لەخواردنەوەی مەیدا تووشی ماخۆلان بووە، یاخود وەکو مەستوورە دەڵێت: (تووشی نەخۆشی جەرگ بووە). لەهەردوو حاڵەتدا مەی خواردنەوە ئەبێ هۆی سەرەکی نەخۆشیەکەی بووبێ و ئەنجا مردبێ لە(2)ی رەبیعی یەکەمی (1250)ك لەتەمەنی (39) ساڵیدا، مەستوورە لەخوسرەوخان منداڵی نەبووەو شووی دیکەشی نەکردووەتەوە، بەڵام هەوێکەی کە ناوی (حوسنی جیهان) بووەو (3)کچی هەبووە، پێدەچێ تا شیرازەی ئەم خێزانە بەتەواوی هەڵوەشاوەتەوە مەستوورە لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا ژیابێت.

**دواساتەکانی ژیانی مەستوورە:**

دوای خوسرەوخان لە(1250)ی-(1834ز)، ئەردەڵان لەناو گەردەلوولی ناکۆکی ناوخۆی میرەکانی ئەردەڵاندا ئاسیشی بیروژیان و سامانی تێدا نەماوە، حوسنی جیهان و توباخانمی بووکی، هەروەها جوتە برا رەزا قولی خان و ئەمانۆڵڵاخان، مامەکانیان موحەمەد صادق خان و عەباس قولی خان.. نەك بەزەییان بەدانیشتوانی ولاتەکەدا نەهاتووە بەڵکو بەزەییان بەیەکتریشدا نەدەهاتەوە، لەسەر دەسەڵات و پارە خەریك بوون یەکتریان دەهاڕی و لەگەڵ خۆیان دەسەڵاتی دێرینی بنەماڵەی ئەردەڵانیشیان بەرەو کوێربوونەوە برد، دوای ئەوەی رەزا قولی خان و ئەمانۆڵڵا خانی برای چەند جارێ لەلای دەرباری قاجار ملی یەکتریان شکاند، دەرباری قاجار بۆ ئەوەی ئاسایش و دەسەڵات بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە کەوتە سەر بیری دانانی حاکمێك بۆ ناوچەکە لەدەرەوەی بنەماڵەی ئەردەڵان، "خوسرەوخانی گورجی" یان دانا و بەگەیشتنی حاکمی نوێ بارودۆخ بەم شێوەیەی لێهات وەکو مەستوورە دەڵێت: (کاتێ خوسرەوخانی گورجی (ئەرمەنی) گەیشتە ناوچەی کوردستان و بەبەڵێن و سوێندی فراوان رەزا قولی خانی هەڵفریواندو بەلای خۆیدا رایکێشا، موحەمەد سوڵتان خان و سەرلەبەر پیاوماقوڵانی ویلایەتی ئەردەڵانیان بەرەو هەورامان کۆچداو لەو

کاتەدا من نووسیاری ئەم دێڕانە یەکێ بووم لەو کۆچکردووانە، هەر کە گەیشتینە شوێنێ کە ناوی (هۆشبارانیە)، حەسەن سوڵتان هەورامی بەپیر کۆچکردووانەوە هات و بەشێوەیەك کە شایانی پلەو پایەیان بێت ڕێوڕەسمی پێشوازی لێکردنیانی بەجێهێنا، مەستوورە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی کۆچکردنەکەیان بەردەوام دەبێت: (ئەو شەوە کۆچکردووەکان کە لەهەزار کەس زیاتر بوون، لەگوندی هۆشبارانیان بەسەربرد، بۆ سبەینێ کە هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو بنەو باریان راداو لەڕێگەیەکی ناهەموارو سەختەوە.. تێپەڕین و بەگوندێ لەگوندەکانی شارەزوور گەیشتن. کە نێوی (سەرگەتە) و لەوێ لێی گیرسانەوە، ئینجا لەوێوە موحەمەد سوڵتان و میرزا عەبدوڵڵای مونسی باشی چوون بۆ سلێمانی و بەخزمەتی "عەبدوڵڵا پاشا"ی بابان گەیشتن و ڕێوڕەسمی پێشوازی لێکردنیانی بەجێگەیاندو پیاوماقوڵێکی لەتەکیاندا بۆ ناوچەی شارەزوور نارد، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بەسەر گوندەکانی شارەزووردا ببەشرێنەوەو دابینبکرێن).

حوسەین قولی خان کە پورزای مەستوورە بووەو پێشتر هاتووەتە سلێمانی هەر هەواڵی هاتنی کەس وکاری دەبیستێ، خەڵکێکی زۆر بەئەسپ و هێسترەوە بەدوایاندا دەنێرێت و سەد کەسێکیان دێنێ بۆ سلێمانی کە مەستوورەش یەکێك بووە لەوانە، لەسلێمانی جێگەو ڕێگەیان بۆ دابیندەکات، هەریەکە بەپێی پێداویستی خۆی کۆمەك و یارمەتیدەدات مستوورە لەبارەی ژیانی نوێیان لەئاوارەیی لەسلێمانیدا لەگەڵ حوسەین قولی خانی پورزایدا دەڵێت: (لەخزمەتیدا کاتمان بەخۆشی بەسەردەبرد)، بەڵام ئەم ساتە خۆشانەی ژیانیان تا سەر نابێت و پاش ماوەیەك حوسەین قولی خان تووشی نەخۆشی دەبێت و مەستوورە لەم بارەیەوە دەڵێت: (..بەڵام پاش چەنانێ چارەنووسی خودا لەخۆشگوزەرانی ئێمە رازی نەبوو، ئەوەبوو لەڕۆژی (14)ی زیل حیجەی 1263ك جەنابی حوسەین قولی خان نەخۆشی بەسەریدا زاڵبوو، لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا گیانی بەبەهەشتی بەرین شادبوو، لەپرسەکەیدا هەزاران سینەی بۆ هەڵدڕان..)، دیارە ئەم کارەساتەو ئەم مەرگە لەناکاوەی حوسەین قولی خان زۆر کاریگەری لەسەر دەروونی مەستوورە پەیدا دەکات و ئەوەندە خەم و خەفەتی بۆ دەخوات تووشی نەخۆشی دەبێت، لەبەرئەوە بەم شێوەیەو بەم چەند دێڕە کۆتایی بە(مێژووی ئەردەڵان) دێنێت و دەڵێت: (منی مەستوورەی سەرلێشێواوو دەربەدەریش لەدووری لێکدابڕانی ئەو گیانە ئازیزەم دوو سێ ڕۆژێکە لەش و ڕۆحم بەبەڵای تای نەخۆشییەوە دەتلێتەوە، بزانین خودا چیمان بەسەردێنێ و ئارەزووی بەچییە..). سەرەنجام لەکۆتایی ساڵی 1624ك (1849ز)، لەتەمەنی (44) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و هەر لەسلێمانی لەگردی (سەیوان) بەخاك دەسپێردرێت.

**ناوەڕۆکی پەڕتووکەکەی:**

مەستوورە پەڕتووکەکەی خۆی بەزمانی فارسی نووسیوە کە زمانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بووەو زۆربەی نووسەرەکانی ئەو سەردەمەش هەر بەزمانی فارسی بەرهەمەکانیان بەگشتی و مێژووەکانیان بەتایبەتی نووسیوە کە تایبەتە بەمێژووی میرنشینی ئەردەڵان و میرە فەرمانڕەواکانی و ئەو بەسەرهاتانەی کە ڕوویانداوە، بێگومان دانانی پەڕتووکێك هۆیەك یان چەندین هۆی هەیە کە پەیوەندی بەخودی نووسەری پەڕتووکەکەوە هەیە کە هانیداوە بۆ

نووسینی بەرهەمەکەی، مەستوورەش هۆکاری دانانی مێژووەکەی دەستنیشان دەکاتو دەڵێت: (..تا رۆژێکیان رێم کەوتە دیوانەکانی پێشینانو تۆماری بەیازی پاشینان، مێژوویەکم لەکوردانو دەستاوێژێکم لەنیشتمانەکەم بەرچاوکەوت، پاش متالاو دوایی نامەگۆڕینەوە، تەماشام کردو خوێندیشمەوە کە شەرحێکیان لەسەر چۆنیەتی حاڵو باڵی فەرمانڕەوایانی کوردستان نووسیوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کورتەیەك لەمانەی ماونەتەوە دوڕی نەسمراو بوو، منی کەمینە کە کەمترین دارخورمای گوڵشەنی ئەم گوڵزارە وەك ئیرەم بنیاتنراوە.. بەسروشتی بلێسەدارو زەینی رەخنەگرانەوە بەدوای درێژەپێدانەوە چوونم بەپێویست زانیو پرژانە سەر نووسینی ئەم چەند دێڕە، بەم وتانەی مەستووره خۆیدا وا دەردەکەوێت کە مەبەستی لەدانانی (تاریخ اردلان) ئەوە بووە کە درێژە بەنووسینەوەی مێژووی سەردەمانی میرەکانی ئەردەڵان بداتو تا رادەیەکیش رووداوو گێڕانەوەکان بەزەینو بیرێکی رەخنەگرانەوە هەڵسەنگێنێ.

سەبارەت بەناوەرۆکی مێژووی ئەردەڵان ئەوا دەتوانین بڵێین مەستوورە کتێبەکەی بەپێشەکییەك ستایشکردنی خودای گەورە درووود ناردن بۆ گیانی پێغەمبەر، پاش ئەوە دێتە سەر ناساندنی خۆیو بنەماڵەکەی، هەروەها باس لەوە دەکات کە تاقانەو نۆبەرەی بنەماڵەکەیەتیو باسی لێهاتوویی باوکی دەکات لەپەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانو.. بەکۆتایهاتنی ئەم پێشەکییە، چاوەڕوانی خۆی بۆ نزای چاکە لەلایەن خوێنەرانی مێژووی ئەردەلانەوە راگەیاندووە، پاشان دێتە سەر دەستنیشانکردنی بنەچەی بابا ئەردەڵانو دەیباتەوە سەر کەسێك بەناوی (کورد) کە لەرۆژگاری زوحاکی خوێنمژدا پەنا بۆ چیاکان دەبات، وەکو هەموو خەڵکانی دی بەهۆی زاوزێو ژنو ژنخوازییەوە چەندین نەوەی لێ پەیدا دەبێت کە دەبنە چوار تیرەو یەکێك لەو تیرانە (بەنی ئەردەلانە، پاش ئەوە دێتە سەر باسی یەك بەیەکی میرانی ئەردەڵان، هەر لە"بابا ئەردەڵان"ی یەکەم میرو دامەزرێنەری میرنشینەکەوە هەتا ئاخر میری ئەرمەنی (گورجی) بەناوی "خوسرەو خانی گورجی" کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی قاجارەوە بۆ میرایەتی میرنشینەکە دیاری دەکرێت، هەواڵەکانی مێژووی ئەردەڵان بەتایبەتی هەواڵەکانی پەنجا ساڵی دوایی لەبارەی ناکۆکی ناخۆیی نێوان میرەکانی ئەردەڵانو نێوان ئەردەڵانو بابانو پەنابردن بۆ یەکتریو هاندانی یەکتری بۆ شەڕو پەلاماردانی یەکترییە، زوڵمو زۆری والییەکانی ئەردەڵان بەتایبەتی لەڕووی کۆکردنەوەی پارە، گرتنو ئەشکەنجەو کوشتنی ناڕەوا، دانانو لابردنی وەکیلو وەزیرەکانو کۆچی بەکۆمەڵ بۆ دەرەوەی ئەردەڵانو نەمانی سەلامەتی سەرو سامان، هەروەها لەبۆگەنبوونی دەزگای بەڕێوەبردنو خەریکبوونی میرەکان بەشاییو رابواردنی ژنو خواردنەوەی مەیو راووشکارو بەرتیلەوە دەکات، تەنانەت ئاماژە بەگوێنەدانە سکالاو گازندەی خەڵكو سەرکورتکردنی بێ بەزەییانەی هەموو جۆرە ناڕەزاییەك دەکات، (مێژووی ئەردەڵان) باس لەکارەساتی سروشتیو قاتوقڕیو برسێتیو رێبەندانو بەفرو سەرماو رشانەوەو نەخۆشی تریش دەکات کە لەو سەردەمەدا بلاوبوون، سەرەڕای باسکردنی ناکۆکی ناوخۆی میرەکانی ئەردەڵان، باس لەدەستێوەردانی ژنانیش دەکات لەکاروباری سیاسی میرنشینەکە.

دەتوانین بڵێین بەهۆی (مێژووی ئەردەڵان)ەوە بەشێکی گرنگی رووداوەکانی ئەو سەردەمە نووسراونەتەوەو لەناونەچوون، لەباسی دەوری والیەکانی ئەردەڵان و ئەعیانەکانی و دانیشتوانیدا لەناو رووداوەکانی ناوچەکەدا بەگشتی گیانی لەخۆڕاویبوون و بەخۆنازین و هەستی سەروەری هەست پێدەکەین، مەستوورە بەشانازییەوە باسی سەربەخۆیی کاروباری ناوخۆی ئەردەڵان دەکات و ستایشی جوامێری و ئازایەتی و بەخشندەیی میرو مەزنەکان دەکات و داستانی قارەمانێتی شەڕەکانیان دەگێڕێتەوە، جگە لەوەیش تۆمارکردنی رووداوەکانی ئەردەڵان بەجیا لەرووداوەکانی ئێران و لەکتێبی سەربەخۆداو باسکردنی ئەردەڵان و کوردستان زۆرجار لەم مێژووەدا وەکو دوو ناوی هاوواتا جۆرێکە لەبەشداری خوڵقاندنی هۆشی نەتەوەیی کورد، مەستوورە رووداوەکانی بەتێروتەسەلی تا پێش مردنی تۆمارکردووە.

**ئەو سەرچاوانەی سوودی لێوەرگرتووە:**

مەستوورە لەباسی (مێژووی ئەردەڵان)دا دەڵێت: (..پەرژامە سەرنووسینی ئەم چەند دێڕەو دەنگ و باسی پاشەڕۆژ بەخێرو بەختەوەری گوزەرێنیێ، زنجیرەی پایەبڵندی ئەردەڵانم بەبەشێك کە لەمێژووم هەڵێنجاوەو لەپێشیانم بیستووەو بەرچاوی منی کەمینە کەوتووە، لەم نووسخەیەدا روونم کردۆتەوەو لەخوێنەرەوە چاوەڕوانی نزای چاکەم). لەم وتانەی مەستوورە خۆیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو سەرچاوانەی سوودی لێ بینیوە بۆ نووسینی مێژووەکەی، سێ جۆرن کە ئەوانیش (نووسراوو گێڕانەوەو بینراون) کە بەوردی لێیان دەدوێین:

**أ.سەرچاوە نووسراوەکان:**

ئاشکرایە مەستوورە چ لەماڵی باوکیداو چ لەماڵی خوسرەوخانی هاوسەریدا کتێبخانەو کتێبی بەسوودی لەبەردەستدا بووەو توانیویەتی سوودیان لێببینێت، بەتایبەتی کتێبانێك کە لەسەر مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی ئەردەڵان بەتایبەتی نووسراون، گرنگترین سەرچاوەکە مەستوورە سوودی لێ بینیوە کتێبە مێژووییەکەی "مەلا محەمەد شەرفی قازی"یە کە بەناوی (زبدە التواریخ) نووسیویەتی، لەبەرئەوەی مەلا موحەمەد شەریف لەسەردەمێکدا کتێبەکەی نووسیوە کە هێشتا ئەمارەتی ئەردەڵان ماوە، شتێکی ئاشکرایە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ بووە بۆ مەستوورە لەسەر مێژووی ئەردەڵان و میرە یەك لەدواییەکەکانی، هەروەها مەستوورە سوودی لەکتێبە مێژووییەکەی "خوسرەو کوڕی موحەمەد" وەرگرتووە کە بەناوی (لب التواریخ) نووسیویەتی، لەبەرئەوە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەهێزبووە کە مەستوورە توانیویەتی سودی لێ ببینێت، مەستوورە هەندێ جار کە هەست بەجیاوازی دەکات لەگێڕانەوەی هەواڵەکاندا، بەیارمەتی ئەو دوو سەرچاوەیە (زبدە التواریخ وتاریخ الاکراد) لەگەڵ یەك بەراوردو تاوتوێیان دەکات، لەبەرئەوە دەبینین لەچەندین شوێندا پێکەوە باسی کردوون، بەڵام سەبارەت بە(شەرەفنامە) کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ نووسینی مێژووی ئەردەڵان، ئەوا مەستوورە هیچ ئاماژەیەکی پێنەکردووە کە سوودی لێ دیبێت، لەکاتێکدا چەندین مێژنووسی دیکەی ئەردەڵان سوودیان لێبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەرچاوە گرنگەکاندا باس لەو کەسانە دەکرێت کە کە بۆ نووسینی مێژووەکانیان سوودیان لە(شەرەفنامە)

وەرگرتووە، باس لەمەستوورە ناکرێت، بەڵام هەندێ نووسەر پێیان وایە ئەگەرچی مەستوورە بەناو ناوی (شەرەفنامە)ی نەهێناوە، بەڵام سەرچاوەیەکی گرنگی تری ئەم مێژووەی بووە، هەروەها دەبێ کەڵکی لەمێژووە باوەکانی ئێران و ئەو نامەو بەڵگانەش وەرگرتبێ کە لەکتێبخانە ئاوەدانەکانی میرەکانی ئەردەڵاندا هەبوون، بێگومان مەستوورە قورئانی پیرۆزو کتێبی فەرموودەو دیوانی شیعری و پەندی فارسی و عەرەبی لەبەردەست بووەو ناو بەناو لەگەڵ نووسینەکانیدا تێهەڵکێشی کردوون، هەرچەند (زیل شەرەفنامە) سەرچاوەیەکی گرنگ بووە لەسەر میرنشینی ئەردەڵان، بەڵام ئاماژەی پێناکات پێدەچێت نەیبینیبێت.

**ب.ئەو دەنگ و باسانەی کە بیستویەتی:**

بنەماڵەی مەستوورە لەگەڵ میرەکانی ئەردەڵان تێکەڵاوبوون، نەنکی هاوسەری خوسرەو خانی دووەم و خوشکی باوکی هاوسەر ئەمانوڵڵاخان و خۆشی هاوسەری خوسرەوخانی ناکام بووە، باووباپیریشی بەشێك بوون لەدامودەزگای بەڕێوەبردنی ئەردەڵان و لەشەڕو شۆڕەکاندا بەشداربوون. زۆر رووداوو چیرۆکی ئەو بنەماڵەیە کە نەنووسراوەتەوە، لەناو خۆیاندا دەماودەم گێڕاویانەتەوە. لەم بارەیەوە ئەو هەلەی بۆ مەستوورە هەڵکەوتووە رەنگە بۆ هەموو مێژوونووسەکانی تر هەڵنەکەوتبێ، ئەگەر تەماشایەکی لاپەڕەکانی (مێژووی ئەردەڵان) بکەین، ئەو راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو هەواڵ و رووداوانەی مەستوورە بیستویەتی لەکەس وکاری خۆی چۆن کردوویەتیە بەشێك لەمێژووەکەی و پشتی پێبەستووە، بۆ نموونە لەیەکێك لەنووسینەکانیدا دەڵێت: (دەگێڕنەوە ئەو دەسکەوتەی لەلەشکرەکەی ئیسماعیل خان وەرگیرا بەرباپیرم کەوتبوو، یاخود لەشوێنێکی تردا دەڵێت: (نەنکم.. زۆری سەرگوزەشتە بۆ دەگێڕامەوە)، لەچەندین شوێنی دیکە لەکتێبەکەیدا هەست بەم لایەنە دەکەین، ئەم گێڕانەوانەی لەدەماودەم و پشتاوپشت لەناو بنەماڵەکەیاندا هاتوون، سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەرۆکی باسەکانی.

**ج.ئەو رووداوانەی کە بینیویەتی:**

مەستوورە ئافرەتێکی زۆر زرنگ و وریا بووە، هەر لەمنداڵییەوە خوێندوویەتی و سەودای خوێندنەوەو نووسین لەکەللەی داوە، لەناو بنەماڵەیەکی ناسراوو دەوڵەمەندو رۆشنبیردا پێگەیشتووە، بەچاوێکی تیژ سەیری رووداوەکانی دەوروپشتی خۆی کردووەو چاودێری هەلومەرجی وڵاتی کردووە، کە چووەتە ناو حەرەمسەرای خوسرەوخانی هاوسەرییەوە ئەم بوارەی زیاتر بۆ رەخساوو فراوان بووە، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگای لەهەواڵ و دەنگوباس و رووداوەکانی بێ و زیاتر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵات تێکەڵاوبێ، مەستوورە بەچاوی خۆی چەندین رووداوو بەسەرهاتی بینیوەو کردوویەتیە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسینی مێژووەکەی، ئەوەتا لەشوێنێکدا دەڵێت: (..بەچاوی خۆم دیتم بالوێزی روس و ئینگلیز لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمانوڵڵاخانی والیدا بەناوی دیتنی ئەم قەڵایەوە، بەسەر کوردستان (سنە)دا تێدەپەڕین و لەگەڵ ئەوەشدا کە قەڵاکە وێرانە بوو، سەیرانی شوێنەوارو کەلاوەیان دەکرد..)، بێگومان لەکاتی ئەم سەردانانەدا باوکی سەرگوزشتەی دروستکردنی قەڵاکان و ئەو والیانەی

که حوکمیان تیاداکردووەو ئەو شەڕو شۆڕانەی کە تیایاندا روویداوە بۆ مەستوورەی گێڕاوەتەوەو ئەویش لەبیریدا هەڵیگرتووەو سوودی لێ بینیوە.

**ڕێبازی نووسینەکانی:**

**مێژوونووسانی لەنووسینی مێژوودا دوو ڕێبازیان گرتۆتەبەر:**

1.کەسەکانیان کردۆتە سەر باس و لەژێر ناوی ئەواندا روداوەکانیان گێڕاوەتەوە.

2.ساڵ بەساڵ ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوەو ساڵەکەیان کردووەتە سەر باس و باسی کەسایەتی و قارەمانێتی ڕووداوەکانیان بەپێی ساڵەکانیان بەدوای یەکدا گێڕاوەتەوە، شەرەفخان لەنووسینی (شەرەفنامە)دا پەیڕەوی ڕێبازی یەکەمی کردووە، هەموو مێژوونووسەکانی ئەردەڵانیش لەوانە مەستوورە لەڕێبازی نووسین و گێڕانەوەی ڕووداوەکانیاندا لاسایی شەرەفخانیان کردۆتەوە، بەچاولێکەری ئەو درێژەیان بەنووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان داوە.

زمانی نووسینی (تاریخ اردلان)و جۆری داڕشتنی، هەر ئەوانە دەتوانن هەڵی بسەنگێنن کە شارەزای پەخشانی فارسین، ئەگەرچی سەجع و وشەی هاوواتاو درێژەدانی زۆر تێدایە، بەڵام ڕەوانەو تێگەیشتنی ئاسانە، مەستوورە جگە لەوەی شارەزای مێژوو بووە لەچەندین جێگەی گونجاودا ئایەتی قورئان و فەرموودەو پەندی عەرەبی و شیعری فارسی خۆی و شاعیرانی تری تێکەڵاو بەنووسینەکانی کردووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرچاوەی ڕۆشنبیری مەستوورە دەوڵەمەند بووە، مەستوورە لەهەندێ شوێندا بۆچوونی ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندووە کە لەکتێبەکانیانەوە شتی وەرگرتووە، بۆ نموونە لەباسێکدا دەڵێت: (ئەقڵی بێ خەوش و چێژو سەلیقەی ڕاست: ئەم قسەیە ناسەلمێنێ، چونکە..)، ئەم سەرنجە ڕەخنەگرانەیە بۆ مێژوونووس زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئەفسانەو ڕووداوی هەڵبەستراو تێکەڵاوی ڕووداوە ڕاستەکانی مێژوو نەکات، مەستوورە بڕوای بەهەموو نووسین و گێڕانەوەیەکی مێژوویی نەکردووە، هەر ڕووداوێك لێی دڵنیا نەبووبێت، ئەوا بەچەند وتەیەکی وەکو (خودا هەر خۆی لەڕاستی هەموو شتێك ئاگادارە) دەربڕیوە، هەروەها مەستوورە بەدوور لەخۆ بەگەورەزانین دەستی داوەتە نووسینەوەی مێژوو، بەپێچەوانەی هەندێك لەوانەی منەت بەسەر نەتەوەکەیان و خوێنەری نووسینەکانیاندا دەکەن و شانازی بەنووسینەکانیانەوە دەکەن، ئەم خۆ بەکەمزانینەی مەستوورەش لەچەندین پەڕەی مێژووەکەیدا بەڕوونی هەستی پێدەکەین، بۆ نموونە لەشوێنێکدا دەڵێت: (میرزا لوتفوڵای کوڕی میرزا.. کە مامی ڕاستەقینەی دایکی کەمینەیە..). لەشوێنێکی تردا دەڵێت: (من ئەم کەمینەیە، بەچاوی خۆم دیتم..)، دەبینین کە مەستوورە زۆر بەکەم سەیری خۆی دەکات، ئەوەش دەبێت سیفەتێکی گرنگی هەموو کەسێك بەگشتی و هەموو نووسەرێك بەتایبەتی بێت، مەستوورە وەکو ئافرەتێکی بەهۆش و ژیر توانای پێشبینینی ڕووداوەکانیشی هەبووە، ئەوەتا کە تەماشای ناکۆکی ناوخۆی میرەکانی ئەردەڵان دەکات، پێشبینی تێکچوونی ئەم میرنشینە دەکات، دەڵێت: (..ئیدی و ئیدی و نەختە نەختە ئەم سەربزێوی و سەرسەختی و گوێنەدانە بوو بەهۆی ئەوەی کە (شا) پشتیان تێکاو ڕوویان لێ وەرگێڕێ و گوێیان ڕاکێشێ، تەنانەت دەتوانین بڵێین شا هاتە

سەر ئەو بڕیارە کە بناغەی ئەم بنەماڵەیە تێکداو داری بەسەر بەردییەوە نەهێڵێ).

**هەڵسەنگاندنی کتێبەکان:**

ئەگەر بەچاوێکی دادوەرانەوە چاوێك بەلاپەڕەکانی (مێژووی ئەردەلان)دا بخشێنین، ئەوا چەندین لایەنی باش و رووداوی مێژوویی و ئەڵقەی ونی مێژووی کورد و حوکمڕانەکانی بەتایبەتی میرەکانی میرنشینی ئەردەلانمان چنگ دەکەوێت، سەرەڕای ئەوەش خودی "مەستوورە" دەبێتە یەکێکی تر لەکەسایەتیە ناودارو رۆشنبیرو مێژوونووسەکانی تری مێژووی کورد بەتایبەتی لەرەگەزی ئافرەتان، بەڕای هەندێ نووسەر "مەستوورەی کوردستانی" یەکەمین ئافرەتە لەناو گەلی کورد و گەلانی رۆژهەلاتدا مێژووی نووسیبێت، تەنانەت هەندێ نووسەری دی لەوە زیاتر پێی لێ هەڵدەکێشن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە"مەستوورە" یەکەمین ئافرەتە لەجیهاندا کە بۆ یەکەمجار (مێژوو)ی نووسیبێت، ئێمە لەگەڵ رێزو قەدرزانینی زۆرمان بۆ مەستووری کەم وێنە کە بەم کارەی خزمەتێکی گەورەی مێژووی کوردی کردووە و کتێبخانەی کوردی بەسەرچاوەیەکی تر دەوڵەمەندترو ئاوەدانتر کردۆتەوە، بەلام دڵنیاین کە هیچ کارێکی مرۆڤ بێ کەموکوڕی هەڵەو پەڵە نابێت، لەبەرئەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەهەندێ لەو کەموکوڕیانەی (مێژووی ئەردەلان) بکەین، هەروەك چۆن لەسەرەتاوە باسی لایەنە باشەکانیمان کرد و نرخاندمان، دەتوانین ئەو کەموکوڕیانەش بەچەند خاڵێك دیاری بکەین:

1.مەستوورە لەپێشەکی مێژووەکەیدا کە باسی ژیانی خۆی دەکات، سەرەڕای ئەوەی زانیارییەکی زۆر کەم بەدەستەوە دەدات، لەهەمان کاتیشدا ساڵی لەدایکبوونی خۆی و ساڵی بوون بەهاوسەری خوسرەوخانی ناکام و ساڵی لەدایکبوون و مردنی باب و دایك و کەس و کارەکەی دیارینەکردووە، بەڵکو پاشتر بەهەوڵ و کۆششی خامەڕەنگین و خەمخۆرانی کورد ئەو ساڵانە ساغکراونەتەوە، دیارە لەو سەردەمانەدا ئەوەندە گوێیان بەمەسەلەی ساڵ نەداوە.

2.نە مەستوورە و نە هیچ کام لەمێژوونووسەکانی تری ئەردەلان لەو هەموو فەرمانانەی کە لەلایەن شایەکانی ئێرانەوە دەرکراون بۆ دانان و لابردنی والیەکانی ئەردەلان تۆماریان نەکردوون، ئەگەر ئەوانەی سەردەمی زوو بەهۆی نائارامی هەلومەرجی ولات و شەڕو شۆڕی بەردەوام و گوێزانەوەی بنکەی میرایەتی و تالان و سووتانەوە فەوتاون، ئەوا مەستوورە و مێژوونووسەکانی تر دەیانتوانی فەرمانی دانان و لابردنی والیەکانی هاوچەرخی خۆیان بنووسیایەتەوە.

3.ناتەواویەکی تر کە لەمێژووی مەستوورەدا هەستی پێدەکەین، ئەوەیە کە نە لەدوورو نە لەنزیکەوە خۆی نەداوە لەقەرەی باسکردنی ئەو هەموو (رێککەوتن)و (پەیماننامانەی) کە لەنێوان ئێران و عوسمانیدا بەستراون، وەك رێککەوتنی ئەماسیە (1555ز-963ك)و رێککەوتنی ئەستەمبولێ (1613ز-1022ك)و رێککەوتنەکانی (سەراب و زەهاو و نادر شاو رێککەوتنی یەکەم و دووەمی ئەرزەڕۆم، بێگومان ئەم رێککەوتننامانە کاری راستەوخۆیان کردووەتە سەر چارەنووسی هەموو ناوچەکە، لەوەیش کوردستان و ئەردەلان کە لەسەر سنووری ئەم دوو دەوڵەتە بوون، پێ دەچێ مەستوورە هیچ ئاگاداریەکی دەربارەیان نەبووبێت،

لەبەرئـەوە نـەیتوانیوە پەیوەنـدی رووداوەکـانی کوردسـتان لەگـەڵ رووداوەکـانی ناوچـەکەو کاریگەریان بۆ سەر یەکتری باس بکات.

4.مەسـتوورە باسـی لایـەنی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و ژیـانی رۆشـنبیری و ئـەدەبی ئـەو سەردەمەی نەکردووە، کە لـەو سەردەمەدا بەدەیان دانـاو نووسـەرو شـاعیری گـەورە هەڵکـەوتوون و بەسـەدان کتێـب لەزانـستەکانی ئیـسلامیدا نووسراون و بەدەیان چیرۆکی جۆراوجۆری ئایینی و جەنگی و دڵداری.. هەڵبەستراون، بێگومـان ئەمانـە بەشێکی گرنگە، بەڵکو بەشێکی سـەرەکی مێـژووی ئەردەڵانن، (مێژووی ئەردەڵان) بۆ ئەم باسانە هیچ زانیارییـەکی هـەواڵ و دەنگوباسـێکی ئـەوتۆی تێدانییە کە کەڵکێکی ئەوتۆیان لێ وەربگرێ.

5.کـاتێ مەسـتوورە باسـی میرەکـانی ئـەردەڵان دەکات، ساڵی لـەدایکبوون و مـردن و سـاڵی هاتنـە سـەر حـوکم و مـردن یـان کوژرانیـان دەستنیـشان ناکـات، ئەمـەش دەگونجێـت کـە بـەو شـێوەیە لەسەرچاوەکانەوە وەریگرتبێ، یاخود بەدەماودەم گێڕاوەتەوە، بەمە گەیشتبێ و کەس و کارەکەی بەو شێوەیە بۆیان باسکردبێ.

6.مەسـتوورە زۆر خـۆی خـەریککردووە بەمـەدحکردن و پیاهەڵـدانی زۆربـەی میرەکـانی ئـەردەڵان، بەشـێوەیەك لەوەسـفکردنیان زۆر زیادەڕۆیی کردووە، ئەویش وەك زۆر نووسـەری تر تووشی دەمارگیری بووە بۆ میرەکانی ناوچەکەی.

**وەرگێڕانی کتێبەکەی:**

کتێبەکـەی مەسـتوورە (تـاریخ اردلان)، لەلایـەن د.حەسـەن جاف و شکور مستەفاوە لـەژێر نـاوی، مەستوورەی کوردستانی (مێژووی ئەردەڵان)دا بۆ سەر زمانی کوردی وەریانگێڕاوە، ساڵی 1989ز لەبەغـدا لەلایـەن دەزگـای رۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردییـەوە چـاپکراوەتەوە، بەقەبارەی دوو سەدو هەشتا لاپەڕەو بەپێشەکی و پەراوێزو فەرهەنگی ناوەکانەوە.

لەگـەڵ رێـزو سوپاسـدا بـۆ هـەردوو وەرگێـڕی بـەڕێز کـە بـەم کارەیـان سەرچـاوەیەکی تـری مێـژووی کوردیـان بـەزوبانی کـوردی خـستە نـاو کتێبخانەی کوردییەوەو خوێنەرانی کوردیان بەم سەرچاوە گرنگە شادکرد، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کارەکەیان بێ کەموکوڕی نییە کە جێی خۆیەتی ئاماژە بەهەندێ لەو کەم‌وکوڕیانە بکەین:

1.ئەگەرچـی وەرگێڕەکـانی (تـاریخ اردلان)، شـکور مـستەفا کەرکوکییـەو د.حەسـەن جـاف گەرمیانییـە، بـەڵام لەنووسـینەکەیاندا زمانـە رەوان و باوەکـەی کوردسـتانی عیراقیـان بەکارنەهێناوە، بەڵکو زۆریان لەخۆیان کردووە بۆ ئەوەی لاسایی زمانەکـەی (شـەرەفنامە)ی هـەژار موکریـانی بکەنـەوە (مەبەسـت لـەوەرگێڕانی هەژارە)، بەڵام لەم کارەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، چـونکە زمانەکـەیان بـۆ خوێندنـەوە نـاقۆڵاو بـۆ تێگەیشتن سەختە.

2.لەهەندێ شوێندا بەوردی وەرنەگێڕدراوەو لەهەنـدێ جێگەشـدا رسـتەی گرنگـی لێقرتـاوە، ئـاخۆ هـۆی ئـەم ناتەواویـە نووسـینەوەو چاپکردنیەتی یـان وەرگێڕەکـان بەئەنقەسـت ئـەو رستانەیان لێ دەرهێناوە دیار نییە.

3.هەڵـەی چـاپی زۆر تێکـەوتووە، هەنـدێ لەساڵەکانیـشی کـە لەئەسـڵی فارسـییەکەدا بەڕاسـتی نووسـراون لێـرەدا تێکـچوون، لاپـەڕە (85)یشی ناتەواوە، چونکە بەهەڵە لەکاتی چاپدا لاپەڕەی (58)ی خراوەتە جێگەی.

4.لەگەڵ وەرگێڕانی دەقە مێژووییەکاندا دەقە شیعریەکانیشیان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردیو بەشێوەی شیعر دایانڕشتووە، بەڵام ڕێکخستنە شیعرییەکانیان کرچو کاڵەو چێژی شیعریان زۆر کەمە، یاخود هەندێ جار دەقی شیعرە فارسییەکانیان نووسیوەتەوەو دەقە وەرگێڕدراوەکەش لەژێریەوە نووسراوەتەوە، بەڵام لەهەندێ شوێندا دەقە فارسییەکە نەنووسراوەو دەقە وەرگێڕدراوەکەی لەگەڵدا نییە، دەگونجێت هۆی هەموو ئەو کەموکوڕیانە شارەزا نەبوون بێت لەشیعرو ئەدەبیاتی فارسیو داڕشتنی شیعری کوردی.

5.هەردوو وەرگێڕی بەڕێز ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، یاخود ئەو وتەو پەندە عەرەبیو فارسییانەیان وەرنەگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردیو ئاماژەیان بەژمارەی ئایەتو سورەتەکانی قورئانی پیرۆز نەکردووە، ئەمەش دەگونجێ لەبەرئەوە بووبێت کە شارەزاییان لەبواری ئایینی نەبووبێت یاخود نەفسیری قورئانی پیرۆزیان لەبەردەست نەبووبێت بەزوبانی کوردی، یاخود بەگرنگیان نەزانیوە وەریان بگێڕن.

6.لەفەرهەنگی ناوەکاندا ناوی شوێنەکانو ناوی کەسەکانیان بەیەکەوە بەتێکەڵی نووسیوە، بێگومان ئەگەر بەجیا بنووسرانایە باشتر دەبوو.

7.باسێکی سەرگوزەشتەی نوسخە فارسییەکەی (تاریخ اردلان) یان نەکردووە کە لەماوەی تەواوبوونی نووسینی مێژووەکەوە، کاتێ مەستوورە لەسلێمانی دەمرێ، هەتا کاتی چاپکردنی کتێبەکە بەفارسی لەئێران کە دەیان ساڵی خایاندووە، ئایا ئەو نوسخە چۆن لەسلێمانییەوە گەیشتەوە ئێران، یاخود لای کێ پارێزراو بووەو لەچ شوێنێکی گرنگدا پارێزراوەو سەرەنجام چاوی بەڕۆشنایی چاپکردن گەشاوەتەوە، پێ دەچێت ئەوانیش لەم زانیاریانە بێ ئاگا بوونەو لەچامە فارسییەکەدا نەنووسرابێت کە لەڕاستیدا ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

**بەرهەمەکانی تری مەستوورە:**

مەستوورە هەر تەنها مێژوونووس نەبووە، بەڵکو شاعیرێکی ناسك خەیاڵیش بووەو بەفارسیو کوردی (گۆرانیو سۆرانی) شیعری وتووە، هەروەها لەئایینو بیروباوەڕی ئیسلامیدا شارەزاو ئاگادار بووەو لەهەندێ بواری تریشدا بەرهەمی هەیە، بەڵام بەکورتی لێیان دەدوێین چونکە بەرهەمە ئەدەبیەکانی بەجێ دێڵین بۆ ئەدیبانو شاعیرانی ئەو بوارەو بەرهەمەکانی تریشی زانیارییەکی زۆریان لەسەر نییەو هەندێکیان تا ئێستا بەرچاو نەکەوتوون.

1.(دیوانی مەستوورەی کوردستانی) دیوانێکی شیعریەو بەفارسییەو چاپی سێیەمیشی (462) بەیتی کوردیشی خراوەتە پاڵ کە زۆربەی بەشێوەی گۆرانی (هەورامی)یەو شیعری بەزوبانی سۆرانیشی تێدایە.

2.(مجمع الادباء): کە بیبلۆگرافیای شاعیرانی کوردە، بەڵام تا ئێستا تەنیا ئاماژە بۆکردنەوە لەبەردەستدا نییە.

3.(عقائد وشرعیات): کە لەبارەی ڕێو ڕەوشتی ئیسلامەتیو خواناسیو خواپەرستییەوەیە کە بەزمانی فارسی نووسراوە، ئەم کتێبە لەژێر ناوی (عقائد) ساڵی 1998 لەستۆکهۆڵم (سوید) لەلایەن عەبدوڵڵای مەردۆخەوە بەپێشەکیو لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلەوە بڵاوکراوەتەوە.

نووسینی چوار بەرهەم لەچوار بواری جیاوازدا (مێژوو، شیعر، بیروباوەڕو ژیانی شاعیرانی کورد) لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا کارێکی کەم نییەو شتێکی زۆر بەنرخیشە، تەنانەت هەق وایە مەستوورەی کوردستانی بەیەکێك لەناودارانی مێژووی کورد بەگشتی و ناودارانی سەدەی نۆزدە بەتایبەتی دابنرێ.

**دەرەئەنجام:**

1.میرنشینی ئەردەڵان وەکو هەموو میرنشینەکانی کوردستان، جێگەی بایەخی مێژوونووسانی کورد بەگشتی و بەگشتی و مێژوونووسانی خودی ئەردەڵان بەتایبەتی بووە، بەشێوەیەك کە میرنشینی ئەردەڵان لەهەموو میرنشینەکانی تری کورد زیاتری لەسەر نووسراوەو سەرەڕای ئەمەش بەجیا لەهەموو میرنشینەکانی تری کوردی ئافرەتی وەکو "مەستوورەی کوردستانی" دەستی داوەتە نووسینەوەی مێژووی میرنشینەکەو کەلێنێکی گەورەی مێژووی کوردی پڕکردۆتەوە.

2.ئەگەر مێژووەکانی تری ئەردەڵان هەندێکیان لەسەر داوای میرەکان و تاڕادەیەکیش بەچاوپۆشییەوە لەکەم وکورپیەکان نووسرابنەوە، ئەوا (مێژووی ئەردەڵان) لەهەستی بەئەرکی خۆزانین و بەمەبەستی درێژەدان بەنووسینەوەی مێژووی میرە فەرمانڕەواکانی و سەرەڕای ئەوەش بەچاوێکی رەخنەو هەڵسەنگاندنەوە رووداوەکانی تۆمارکردووە.

3.میللەتانی دنیا کە هەریەکەیان بەجیا شانازی بەمێژوونووسان و مێژووی خۆیانەوە دەکەن، ئەوا کوردیش هەمان ئەو شانازییە دووبارە دەکاتەوەو سەرەڕای ئەوەش شانازی بەوەشەوە دەکات کە بۆ یەکەمجار لەجیهاندا ئافرەتێکی کورد مێژووی نەتەوەکەی خۆی نووسیوەتەوە.

4.لەبەرئەوەی مەستوورە سەرەڕای نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵان، جێ دەستی لەبوارەکانی تری وەك شیعرو بیروباوەڕی ئیسلامی و نووسینەوەی ژیانی شاعیرانی کورددا دیارە، ئەوا جێی خۆیەتی بەیەکێك لەناودارانی کورد بەگشتی و ئافرەتە ناودارەکانی کورد بەتایبەتی دابنرێت.

5.ئەگەر ململانێی میرەکانی بنەماڵەیەك لەبنەماڵە دەسەلاَتدارەکانی هەر میرنشینێکی کوردی، لەسەر کورسی و دەسەلاَت گرتنەدەست میرنشینەکانی کوردیان بەرەو لاوازی و تیاچوون بردبێت، ئەوا میرنشینی ئەردەلاَنیش لەو دیاردە ترسناکە بەدوور نەبووەو هەر ئەو هۆیەشە بووەتە هۆی ئاوابوونی خۆری ئەو میرنشینەی کوردیش.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1.حوسێنی مەدەنی:

کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر، خاکەلێوەی 1380 هەتاوی-ئاوریلی 2001زایینی.

2.شەرەفخانی بدلیسی:

شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، چاپخانەی نعمان، نەجەفی پیرۆز، 1973.

3.صدیق بۆرەکەیی صفی زادە:

مێژووی وێژەی کوردی، چاپخانەی چهر تبریز، چاپ اول، 1370.

4.عەلائەدین سەجادی:

مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف-بغداد، چاپی دووەم، 1390ك-1971ز.

5.کلودیوس جیمس ریچ:

گەشتی ریچ بۆ کوردستان، محەمەد حەمە باقی لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی، چاپی یەکەم، ئێران تەورێز، 1731هەتاوی-1992ز.

6.د.کوردستان موکریانی:

هۆنراوەی ئافرەتی کورد (لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 2,1980.

7.د.مارف خەزنەدار:

دیــوانی نــالی و فەرهــەنگی نــالی (لێکۆڵینــەوەو ساغکردنەوە، مطبعة دار الحرية، بغداد، 1977ز.

8.محەمەد ئەمین زەکی:

خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، دەزگای چـاپو پەخـشی سـەردەم، بـەرگی یەکـەمو دووەم، سلێمانی، چاپی نوێ 2000.

9.موحەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل):

ژیناوەری زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینـەی فەرهـەنگو زانـست، چـاپخانەی مبـارك، تەهران، گولانی 1364ه.

10.موحەمەد مەردۆخی کوردستانی:

مێــژووی کــوردو کوردســـتان، وەرگێرانـــی عەبدولکەریم محەمەد سەعید، پێداچوونەوەی ئومێد ئاشنا، چاپخانەی ئەسعەد، بغداد، 1991ز.

11.مەستوورەی کوردستانی:

مێژووی ئەردەلان، وەرگێرانی: د.حەسەن جافو شکور مستەفا، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنـەوەی کوردی، چاپی یەکەم، بغداد، 1989ز.

نەوشیروان مستەفا ئەمین.

12.لەپـەراوێزی مێـژووی ئەردەلانـدا، زنجـیرەی کتێبـــی دەزگـــای چـــاپو پەخـــشی ســـەردەم (24)سلێمانی، 1999ز.

13.ی.ئی. ڤاسیلەڤا:

کوردســـتانی خـــوارووی رۆژهـــەلات لەســـەدەی حەڤدەوە تـا سـەرەتای سـەدەی نـۆزدە، رەشـاد مـیران لەرووسییەوە کردوویە بەکوردی، هەولێر، 1997ز.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

مامون بك بن بيگه بگ

1.مذكرات مأمون بك بن بيگه بك، نقلها الى العربية وعلـق عليهـا محمـد جميـل الروژبيـانی وشـكور مـصطفى، مطبعـة المجمـع العلمـي العراقـي، بغـداد، 1980.

ابـو جعفـر محمـد بـن جريـر الطـبري (ت310ه-922م).

2.تـأريخ الرسـل والملـوك، تحقيـق ابـو فـضل ابراهيم، الناشر دار المعارف، القاهرة، 1979م.

محمد امين زكى

3.مـشاهير الكـرد وكردسـتان، نقلـه الى العربيـة: الانسة كريمـة، راجعـة ونقحـة واضـاف اليـه الاسـتاذ محمـد علـى عـوني، الجـزء الثـاني، مطبعـة الـسعادة، مصر 1366ه-1947م.

**نامەکان:**

1.نـاز نـاز موحەمـەد عەبـدولقادر، میرنـشینەکانی کوردســـتان رۆژهـــەلات لەســـەردەمی فـــەرمانرەوایی قاجارەکانـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، 2001ز چاپ نەکراوە.

**موحازەرەکان:**

د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان

1.ئـەدەبی کـۆن، زانکـۆی سـەلاحەدین، کۆلێـژی ئـاداب، بەشـی زمـانی کـوردی، قۆنـاغی سـێیەم، خوێندنی سالی 2000-2001ز.

**گۆڤارو رۆژنامەکان:**

1.گۆڤاری رۆڤار، ژمارە11، بەبێ سال، سلێمانی.

2.گۆڤـاری رامـان ژمـارە35، مایـسی 1999، هەولێر.

3.گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە38، 1377، کوردستانی ئێران.

4.رۆژنامـەی گـۆران، ژمـارە14، سـالی یەکـەم، 1999/12/30/ سلێمانی.

5.جريـده (صـوت الـشعب)، العـدد57، الجمعـه، 2002/3/15 اربيل.